Dengekan

# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## بیرەوەری



کاظم قادر
Kazmkader72@yahoo.com

ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین بوو بە زەریاو
زەریا ..کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

بەشی پێنجەم

www.dengekan.com
9/4/2007

هەمیشە ڕۆخسارێکی تاڵ و سەرێکی جەنجاڵ و ناڵەیەکی پڕ نەفرەت بووم.هەست و ئەقڵ و ویژدان و مۆراڵی من ئەو گاڵتەجاڕی و سووکایەتییەی قەبوڵ نەدەکرد.من باوەڕی تەواوم بەوە هەیەو هەبوو کە مرۆڤ دەتوانێت جۆرێکیتر بژێت،سیستەمێکیتری بۆ ژیان هەبێت،سیستەمێکی ئازادو یەکسان بۆ هەموو مرۆڤ،ژیان و سەرزەمینیش موڵکوماڵی هەموو کەس بێت...

کاتێک لە ڤیتارەکە دابەزیم چەند کەشتی گەورەم بینی لەنگەریان گرتبوو،ئەوە یەکەمجارم بوو ئاوا لە نزیکەوە کەشتی گەورەو جوان و ئەفسانەیی ببینم.گەورە هێندەی جوانترین و ڕازاوەترین کۆشکوتەلاری چەند نهۆمیی، ڕازاوە بە سەدان گڵۆپ و شەمعەی ڕەنگاو ڕەنگ،کە لە دوورەوە سەیرم دەکرد وێنەی شارێکی ئەفسانەییم وێنا دەکرد کە لە دەریاوە هاتبێت.

ئەو ئێوارەیە تاکو درەنگە شەوێک لە گەڵ ئەو برادەرانە بەو ناوەدا دەسووڕاینەوەو سەیری خەڵکو پۆلیس و کەستیمان دەکرد،پۆلیس دەهات و لە بەندەرەکە دوور دەکەوتینەوە،هەستم دەکرد مواری دەرچوون زۆر کەمە.

پۆلیس هەموو بوارەکانی تەنیبوو نەیاندەهێشت کۆچبەران نزیکی بەندەرەکە ببنەوە،بە تایبەت لەو کاتانەی کەشتیەکان باریان بار دەکردو ئامادەی ڕۆیشتن دەبوون.درەنگە شەوێک لە گەڵ ئەو برادەرانە لە پەنایەک لە نزیکی بەندەرەکە دەسنیشانکرد تێیدا بخەوین،هەرکەسەو کیسە خەوێکمان پێبوو،هەندێک کارتۆنمان هێناو ڕامانخست و چووینە نێو کیسە خەوەکانمانەوەو لە سەری ڕاکشاین،من وەک هەمیشە بە سەرێکی کاس و جەنجاڵەوە تەقەلای خەوم دەداو زۆر درەنگ خەوم لێدەکەوت.

بەیانی زوو هەستاین و ماڵ  وحاڵمان پێچایەوەو بە کۆڵمانداد، چایخانەیەکی کوردەکان هەبوو کە لەنێو کەلاوەیەکدا بوو،چووین بۆ ئەوێ و چاو ماستێکمان خوارد.دوایی گەڕاینەوە بۆ لای بەندەرەکە،کۆچبەران هەمیشە لە دەوروبەری کەشتی و بەندەرەکە بوون،لەوێ چاودێری ئەو لۆری و شاحینە بارهەڵگرانەیان دەکرد،کە لە ناو گۆڕەپانی بەندەرەکەدا دەوەستان و پاشان دەچوونە نێو کەشتیەکانەوەو بۆ وڵاتانیتر دەڕۆیشتن. کۆچبەران هەوڵیان دەدا بە دزەکردن بچنە نێو لۆری و شاحینەو سەیارەکانەوەو لەوێشەوە بۆ نێو کەشتیەکان بچن.

سەیرکردنی ئەو دۆخە نیگەرانی دەکردم،نەمدەزانی چەند ڕۆژو هەفتەو مانگیتر لەوێ دەمێنمەوەو لە سەر جادەو نێو پارکو پەنا دیوارەکان بخەوم.

یەکێک لەو شتە تاڵ و پڕ ئازارە مرۆڤ سەرگەردان دەکات،ئەوەیە مرۆڤ ماڵێکی نەبێت،ماڵێک تاکو دایپۆشێت و تێیدا مومارەسەی جووڵەو کردارە تایبەتی و ناوەکییەکانی خۆی بکات،ماڵ بۆ مرۆڤ ئەو دوورگە نهێنی و دنیاتایبەت و فەزا سەربەخۆیەیە تێیدا چی بوێت دەیکات! لە دنیایەکدا کە "دەرەوە"سەرزەمینی "حەرامە"کانە،"ماڵ" ئەو شوێنە ئازادەیە تێیدا هەرچی حەرام و پیرۆزەیی هەیە تێکدەشکێنرێت...دەکرێت دەرەوەش هەمان شوێن بێت بۆ بەرجەستەکردنی جووڵەو ویستەکانی مرۆڤ..بەڵام کاتێک هیچ "حەرام"ێک لە گۆڕێ نەمابێت...

بە بێ حەوسەڵەییەکی زۆرەوە ئەو ڕۆژەمان بە ڕێکرد،شەوێکی درەنگ لە گەڵ دوو برادەر"هەردووکیان پورزام بوون"لە شوێنێک دەگەڕاین بیدۆزینەوە تێیدا بخەوین،دەبوا شوێنمان بدۆزایەتەوە چوونکە ئێمە هیچ "شوێنیک" مان نەبوو.بە کەناری بەندەرەکەوە پارکێک هەبوو دارێکی گەورەی تێدا بوو دەوری دارەکە بە چیمەنتۆ شوورە کرابوو،جێگەی هەرسێکمانی تیا دەبووەوە،چەند پارچە کارتۆنمان هێناو ڕامانخست و خۆمان خزاندە  نێوکیسە خەوەکانمانەوەو وەک ئەبەدیەت بە دنیایەک داخ و کەسەرەوە خەوتین.بەیانی لە گەڵ هەڵاتنی ڕۆژدا هەستاین و پەڕوپۆی هێلانەو ماڵمان پێچایەوەو دامان بە کۆڵماندا،هەموومان هەروابووین..ماڵەکانمان بە کۆڵمانەوە بوو..دەمانتوانی لە هەموو شوێنێک بین و دەیانتوانی لە هەموو شوێنێک دەرمانبکەن..هەموو شوێنێک دەڕۆیشتین و هیچ شوێنێکمان نەبوو.

حاڵی ئێرەمان لە ئەسینا خراپتر بوو،چوونکە ئەو کۆچبەرانەی بۆ ئەم شارە"پاترا" دەهاتن بە مەبەستی دەرچوون بۆ وڵاتێکیتر دەهاتن، پۆلیس ئەمەی دەزانی بۆیە هەمیشە بە دوامانەوە بوون و ڕاویان دەنان .ڕۆژانە دەیان کۆچبەریان لە نێو لۆری و شاحینەو کەشتیەکاندا دەگرت و بە شێوەیەکی دڕندانە دارکاری و سوکایەتیان پێدەکردن،زۆر کەس لە کاتی

لێدانا دەست و دەموچاویان دەشکاو خوێناوی دەبوون!

پۆلیس ناوو وێنەیەکی ناشیرین و ڕەزاگان بوو،وێنەیەک لە هەر شوێنێک بوایە دەبوا ئێمە ئەوێمان چۆڵ بکردایە،بە تایبەت دەوروبەری بەندەرو کەشتیەکان و ئەو کاتانەی کەشتیەکان بارەکانیان بار دەکرد.لە سەر دەریاکە دادەنیشتین دەهاتنە سەرمان و دەیانگوت بڕۆن،هەرکەسێکیش نەڕۆیشتایە دەیانگرت و لێیان دەدا.ڕۆژێک بە کوڕێکیان گوت کە لەو شوێنە دوور بکەوێتەوەو بڕوات..بەڵام ئەو نەڕۆیشت و هەر لە شوێنەکەی خۆی وەستابوو،پۆلیسەکان چوونە سەری و دەستیان بە لێدانیکرد،بە بێ جووڵە وەستابوو خۆیشی لە لێدانەکانیان نەدەپاراست..جوامێرانە وەستابوو چاوەڕێی شەقەکانیتری دەکرد..وەک پەکەرێکی تەحەدا ڕاوەستابوو گاڵتە بە جەلاد بکات...!

سەر دەریا خۆش و ئارامیبەخش بوو،خەڵکی ئەوێ ..کوڕو کچانی لاو بۆ پیاسەو دڵداری و خۆشەویستی کردن دەهاتن بۆ ئەوێ و یەکتریان لە ئامێز دەگرت و دەمیان دەخستە نێو دەمی یەکترو لێوی یەکیان دەخواردەوە، خۆشەویستی و دڵداری کردن و ماچ کردن ئازاد بوو،براو باوکو وارس و پیاوێکی قەبیلە نەبوو لە پشتەوە تیرۆریان بکات،ماچکردن و دەم خستنە نێو دەمی کچ و کوڕێک ئاسایی بوو..وەک چۆن لای خۆمان دەم خستنە نێو دەمی یەکتری دوو "کۆتر" ئاساییە،هەرچەندە لەوانەیە لە هەندێک ناچەو ئیمپراتۆرێتی قەزەمدا گوناهێکی کەبیرە بێت!

ئێوارەی خۆشەویستی و دڵداری ئەو کچ و کوڕانە منی دەگێڕایەوە بۆ شوێنێکی دوور،ئەگەرچی لە دنیای خەمێکی تاڵ و قووڵی خۆم و ئەو مرۆڤانەدا بووم کە لە پەنامدا بوون،بەڵام خەیاڵم لە شەقەی باڵی فڕینێکی دووری دەداو دەیبردمەوە بۆ سەرزەمینی چەقۆو برین! بۆ "وڵاتی" من و کچ و کوڕە ناکامەکانی،لەوێ هەموو شوێنێک دەگەڕام..بە ئێوارەی هەموو دەریاکانیدا پیاسەم دەکرد..بە هەموو شەقام و کۆڵان و باخچە زەردو بێ گوڵەکانیدا دەگەڕام و کوێراییم دەهات..ماچ و خۆشەویستی و دڵداری و ئامێزانبوونم نەدەبینی..دەمگوت وەرزو تەمەنی کچ و کوڕانی ئەو دەڤەرە چی ووشکو برینگە..ووشکو ڕەقهەڵاتوو.. وەک ئەو پارچە زەمینەی لە ئەزەلەوە دڵۆپێک بارانی نەدیبێت...

پەیوەندی خۆشەویستی و سێکس پێدراوێکی سرووشتییەو پێویستەو دەبێت مرۆڤ بە بێ هیچ بەربەستێک چۆن و چی کاتێک بیەوێت مومارەسەی بکات.ئەم پەیوەندییە لە ڕووی مێژووییەوە کاتێک هیچ یاساو ڕێساو حەرام و بەربەستێکی کولتوری و ئاینی و هتد،لە گۆڕێ نەبووە سرووشتی خۆی ژیاوەو مومارەسە کراوە.ئەگەر گەمژەیی باوەڕو کولتورە خورافیە دروستکراوەکانی مرۆڤ نەبێت،ئەوا دەکرێت سێکس وەک هەر غەریزەیەکی ترو ئەندامی سێکس وەک هەر ئەندامێکیتری جەستە سەیربکرێ و هیچ جیاوازییەک نەکرێن...

شەوانە لە سەر جادەو پەناو پەسێوەکاندا دەخەوتین،زۆرجار لە کاتی خەودا پۆلیس دەهاتە سەرمان و دەرمانیان دەپەڕاندو هەر کەسێکیش بەر دەستیان بکەوتایە دارکاریان دەکرد،من لەوێ لێدانم نەخوارد بەڵام زۆر کەس لە نزیکمداو بە پێش چاومەوە لە لایەن پۆلیسەوە دارکاری دەکران و خوێناوی دەبوون.من و ئەو دوو برادەرە کە هەمیشە بە یەکەوە بووین، شوێنیکی کەمێک سەختمان دۆزیبووەوەو شەوانە تێیدا دەخەوتین، تەلبەندێک بوو وەکو پەرژینێک بە بەردەمی هەیوانی خانوویەکدا درابوو، تەلبەندەکە بەرز نەبوو بەڵام بە هۆی تیژیی نووکی سەرەوەی شیشەکەوە، مرۆڤ بە زەحمەت دەیتوانی بچێتە ئەو دیوا،پۆلیسەکانیش تاقەتی ئەوەیان ندەبوو ئەو زەحمەتە بە خۆیان بدەن و بێنە ئەودیوا بۆ مان.

بەڵام زۆربەی شەوەکان لەو دیو تەلبەندەکەوە دەیانکردە هاوار هاوارو بە زۆر دەریان دەکردین،چەند شەو باران بە خووڕ دەباری دەهاتن و دەریان دەپەڕاندین. شەوێک کوڕیک لە دیوی دەرەوەی تەلبەندەکەدا خەوتبوو،لە نیوەشەودا دوو پۆلیس هاتنە سەری و بە دارو پێلەقە تێیبەر بوون و دەم و چاویان خوێناوی کرد! ئێمە لە دەنگە دەنگی ئەواندا بە ئاگا هاتین و دوایی ئێمەشیان کردە دەرەوە.زۆربەی ئەو هەموو لێدان و هەراسانکردن و سووکایەتیانە دوو پۆلیس دەیانکرد،لە نێو ئەو دوانەشدا یەکێکیان لەویتریان سەرسەریتر بوو.کۆچبەرە کوردەکان ناویان نابوو "جەبارفەرمان"! هەر کاتێک ئەو پۆلیسە دەربکەوتایە،کۆچبەران بە دەنگی بەرز بانگیان لە یەکتر دەکردو دەیانگوت ئاگەداربن جەبار هات.

مانگێک بوو لە پاترا بووم هەموو شەووڕۆژەکانی بەو جۆرە تێدەپەڕین، هەمیشە دەمگوت ئەمە چی شەوارەبوونێکە.. بە ڕاستی شەوارەبوونێکی کوێرو پڕژان دەژیاین.لە دەرەوی هەموو یاساو ڕێسایەکی مرۆییدا بووین، نەک تەنها لە هەموو

مافێک بێبەری و پەراوێز خرابووین، بەڵکو مافی ئەوەشمان نەبوو لە سەر چەند مەتری زەوییەکی ڕەق و لە گۆشەو کوچەکانی بێنەواکانیشدا دانیشین و ئۆقرەی بێئۆقرەیی بگرین!
زۆر کەس هەبوون لە مانگێکەوە تاکو جەند مانگو ساڵێک بەوجۆرە لەوێ دەمانەوەو نەیاندەتوانی دەربچن. شەوارەی شەوەکانی سەفەر برکوژانێکی گەلەک سەختە،گیرانەوەی ئەو هەموو چرکانە کە بە ئازارێکی سەختدا تێدەپەڕین مەحاڵە..پۆلی کۆچبەران پۆلی ئەو باڵندانە بوون هەموو چرکەیەک ڕاو دەکران و لە بەر تیشکی ڕق و نەفرەتی مرۆڤ و یاساو ڕێساگەلێکی لنگوقچدا،شەوارەو کوێردەکران و نەیاندەزانی لە "کوێن" و بۆ "کوێ" بڕۆن و لە" کوێ"دا ئۆقرە بگرن! هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر ڕاو دەنراین و دەیانگوت لێرە دوور بکەونەوەو بڕۆن! نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین و لە کوێوە بێین؟
من هەموو کاتێک ڕستەیەکم دەهاتەوە بیرو لە گوێمدا دەزرانگایەوە،کە لە ڕۆمانی "بێنەوایانی"ڤیکتۆر هیگۆدا"لە زمانی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە دەڵێت، کاتێک بێنەواو سەرگەردان و بێپەناو جێگە دەسوورێتەوەو کەس پەنای نادات،تەنانەت دەچێت لە دەرگای زیندان دەدات تاکو بیگرن و "پەنای" بدەن،کەچی پێی دەڵێن ئێرە زیندانە بڕۆ تاوانێک بکە تاکو جێت بکەینەوە، "وەک زیندان جێی تاوانباران بێت"پێم وایە لێرەدایە دەڵێت:"بۆ کوێ بڕۆم.. نە شوێنێکم هەیە بۆی بڕۆم و نە شوێنێکم هەیە لێیەوە بێم".ڕۆمانەکەم لە بەردەستدا نییەو زوو خوێندوومەتەوە،لەوانەیە دەقەکەم وەکو خۆی نەنووسیبێت"داوای لێبووردن دەکەم"،منیش هەموو چرکەیەک ئەو هەستەم هەبوو کە نە شوێنێکمان هەیە بۆی بچین و نە شوێنێکمان هەیە لێیەوە بێین.
ڕۆژ تا ئێوارە دەهاتین و دەچووین و چاومان بە دوای لۆری و شاحینەو کەشتیەکانەوە بوو،بۆ دەرفەتێک دەگەڕاین تاکو خۆمان بە نێو کەشتییەکدا بکەین و لەو دۆخە ئاڵۆزو پر ستەمە ڕزگاربین،هەرچەندە شتێک نەبوو ناوی ڕزگاربوون بێت،بەڵام خۆرنەوەزانێکمان لە فڕینەکانی کۆچ جێدەهێشت..شەوو شوێنێکمان لە شەوو شوێنەکانی شەوارەبوون تێدەپەڕاند...
لە پاترا شیعرێکم نووسیبوو،کە لە یەکێک لە شەوە ساردەکاندا سەرم لە کیسە خەوەکەمەوە دەرهێنابوو دەمنووسی،چەند لاپەڕە بوو بەڵام لێم وونبوو هێندەیم لە بەرمابوو.

لە دەنگما داخ و کەسەر هاوار دەکا
هەروەکو چۆن پایزترین وەرزی تەمەن ژیابێتم..
لیوم دیارە ووشکو برین
وەک سەدەیەک چاوەڕوانیی دڵۆپێک ئاو..
سیمام دیارە لە دوێنێمدا دڵۆپ دڵۆپ ژەهر دەڕژێ و
لە چاوانما وەک پرشنگێک بۆ سبەینێ بە دینەکرێت..
تۆ..مرۆڤە ماندووەکەی ڕۆژگار
دوێنێی پارچە پارچەبوونی ڕۆحی خۆت لە کۆڵ ناوەو
لەم ژاوە ژاوی ژیان بازاڕەدا
سەری ڕێگای چ خولیایەکت گرتووە!
تۆ زایەڵەی سەدان ئێش و ژانی سەختی و..
کەچی هێشتا سەوڵی ژیان لێدەدەیت و
لە نێو ئاپۆڕەی ئەم هەموو شکستەدا
وەک بتەوێت تەحەدای بەزین بکەی..
تۆ نەورەسێکی و ڕەنگە ئیتر باڵەکانت
بەرگەی ئەم فڕینە بێمەودایە نەگرێ و ..

کێ دەڵێت بە کەناری چلی دارستانێک دەگەی.

تۆ ژانیت و دەشێت بەرەژانت خوێن بێ و لەم ماوەیەدا هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرمدا و نەخشەی زۆرم کێشا،خۆم بە نێو شاحینەو کەشتیەکاندا بکەم بەڵام سەرکەوتو نەدەبووم،تەقەلاکان فەردی بوون و کەوتبوونە دەستی ڕێکەوت. من دەمویست لە شوێنێکدا سەرکەوم و خۆم بشارمەوە لە کاتی پشکنیندا نەگیرێم،نەمدەویست جارێکیتر دەستی ئەو پاڵەوانە ترسنۆکانە بکەوم و لێمبدەن.

ئەو شوێنانەی کە کۆچبەران خۆیان تیا حەشار دەدا،سەر ئەکسلی شاحینەو نێو شمەک و بارەکان بوو،زۆربەی شاحینەکان هەمیشە شتومەکی تیابوو،بارەکانیان هەمە جۆر بوون وەکو خواردن و کەرەستەیتر. هەندێک لە شاحینەکان بە چادر داپۆشرابوون کۆچبەران بە دزییەوە چادرەکانیان دەکردەوەو دەچوونە نێو شاحینەکانەوەو پشان لە نێو شاحینەکەدا بە شتومەکەکان خانۆچکەیەکیان دروست دەکردو تێیدا دادەنیشتن و خۆیان دادەپۆشی. ئەو شاحینانەی باریان تێدایە گەرمن و بە کەمی هەوایان بۆ دێت،زۆرجار کۆچبەران تێیدا پەرێشان و تەنگە نەفەس دەبن.

جۆرێکیتر لە شاحینەکان داخراون و هەوای بۆ ناچێت،سەرکەوتن لە نێو ئەو شاحینانەدا زۆر خەتەرەو ئەگەری مردنی زۆرە،هەر بە هۆی ئەو جۆرە شاحینانەوە بە درێژایی سالانی ڕابردوو بە دەیان کۆچبەر لە نێویاندا دەخنکان و گیانیان لە دەست دەدا...

ڕۆژانە کەشتیەکان دەهاتن و بە سەدان شاحینەو سەیارەیان بار دەکردو بە هەزاران گەشتیارانیان سەر دەخست و دەگەڕانەوە،هاتن و گەڕانەوەی کەشتیەکان بۆ ئێمە داخ و حەسرەتێکی زۆری جێدەهێشت! کەشتی جوان وگەورەو سیحراوی جێگەی سەدان سەیارەو هەزاران مرۆڤی تێدا دەبووەوە، کەچی بۆ ئێمە حەرام بوو لە دووریشەوە سەیری بکەین.کاتێک کەشتیەکان دەڕۆیشتن هەستم بە ستەمێکی زۆر دەکرد،بە ڕاستی ستەمێکی گەورە بوو لە ئێمە دەیانکرد کە گوایە ئەوەش یاسایە!! چی ڕووی دەدا ئەگەر ئەو هەموو جەستە ماندوو کەنەفتەو چاوە ئەبڵەقبووانەیان سەربخستایەوڵەو هەموو شەوە ساردو تەزیوو شەوارەبوونە دەربازیانیان بکردایە؟ ئەوان هەموو رۆژێک دەهاتن و دەڕۆیشتن..نە کەس زیانی دەکردو نە دنیاش خەرا دەبوو! هاتنی کەشتیەکان خۆشی و ئومێدێکی کزوتالی لە گەڵ خۆی دەهێنا،ئەگەرچی هیچ کەس دڵنیا نەبوو لەوەی سەردەکەوێت،بەڵام ئێمە حەزمان دەکرد هەمیشە چەند کەشتی لەوێ لەنگەری بگرتایە!

برادەرێک لە شار یان-جەزیرەیەکیتر-بوو بە ناوی"کۆڵنتۆز"،ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی ئەگەر حەوسەڵەتان هەیە وەرن بۆ ئێرە بەڵکو لێرەوە بە یەکەوە دەرچووین،ئەوێش شارێکی یۆنان بوو بەندەری کەشتی لێبوو،ئەوەشی گوت کە ئەو دووجار سەرکەوتووەو پاشان گیراوەو دایانبەزاندووە،گوتیشی لە کاتی گرتندا هێندەت لێنادەن..بەڵکو زلەیەک شەقێک نووکە شەقێکت لێدەدەن...!

لە دوو شوێن بێشەرمانەو دڕندانە لە کۆچبەرانیان دەدا: لە پاتراو کۆمۆنیزیا.لە کۆمۆنیزیا تەنها بە لێدانەوە نەدەوەستان،بەڵکو پێنج سعات تاکو دە سعات بە سەیارە دووریانیان دەخستنەوەو لە چۆڵەوانیەکدا بەرەڵایانیان دەکردن! ئەوانەی کە بەو جۆرە دوور دەخرانەوە دەبوایە بۆ ئەسینا بگەڕایانەوە،چوونکە هێندە شەکەت و ماندوو دەبوون پێویستیان بە حەوانەوە دەبوو.

دوای ئەوەی ئەو برادەرە تەلەفۆنی بۆ کردین،ڕۆژێک لە گەڵ برادەرێکیتردا بڕیارماندا بچین بۆ کۆڵنتۆز،سعات دووی دوا نیوەڕۆیەک تکتی قیتاری ئەو شارەمان بڕی و سەرکەوتین،خەیاڵمان جەنجاڵ و سیمامان خەماوی بوو، هەردووکمان نەماندەزانی بۆ"کوێ" دەڕۆین ! ئەوێ چیە..چۆنە چی دەبێت و چی ڕوو دەدات...!

پێم وابێت سعات پێنجی ئێوارە گەیشتینە ئەوێ،ناشارەزا بووین و نەماندەزانی بەندەرەکە کەوتۆتە کوێوە،هەروەها ئەوەشمان نەدەزانی ئایا ڕەفتاری پۆلیسی ئەوێ چۆن دەبێت ئەگەر"غەریبێک" لە سەر جادەکان ببین؟وێسگەی قیتارەکە لە نێو شاردا بوو،دابەزین و هەر لە خۆمانەوە بە لایەکدا ڕۆیشتین،دەمانویست دەریاکە ببینین و هەڵبەتە بەندەرەکەش لەوێیە.گەڕاین دەریاکەمان لێوەدەرکەوت،کەشتیەکی گەورەشمان بینی لەنگەری گرتبوو،بەرەو لای کەشتیەکە ڕۆیشتین دەمانویست قاچاخچیەکانی ئەوێ نەمانبینن،ئەوێ کۆچبەری کەم لێبوو هەرکەسێکی تازە برۆیشتایە قاچاخچیەکان

دەیانزانی و نەیاندەهێشت خۆیان سەربەخۆ هەوڵی سەرکەوتن بدەن،قاچاخچیەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە دەربچێت و پارەت لێوەربگرن.هەروەها سەیری دەوروبەری کەشتیەکەمان دەکرد تاکو شارەزابین و ڕێگەیەک بدۆزینەوەو دەستنیشان بکەین بۆ چوونە نێو کەشتیەکەوە.

نزیکی دەرگاکەو ئەو شوێنە بووینەوە کە دیار بوو شوێنێکی لە بار بوو بۆ دزەکردنە نێو شاحینەو کەشتیەکەوە،لەوێدا حەوت هەشت کەسمان بینی وەستابوون و دیار بوو ئەوانیش دەیانویست بچنە نێو شاحینەو کەشتیەکەوە.ئێمە زانیمان ئەوان قاچاخچیان لە گەڵدایەو ئەگەر پێبزانن ئێمە دەمانەوێت خۆمان هەوڵی سەرکەوتن بدەین و پارەیان نەدەینێ،ئەوا کێشەمان بۆ دروست دەکەن.قاچاخچیەکان ئەو شوێنانەیان داگیر کردبوو دەبوا کۆچبەران لە ڕێگەی ئەوانەوە دەربچن و پارەیان لێوەربگرن.

ویستمان کەمێک دوور لە ئەوان تێپەڕین و گومانمان لێنەکەن،بەڵام ئەوان بانگیان کردین و ئێمەش چووین بۆ لایان.قاچاخچیەکان ئەفغانی بوون و کوردێکیشیان لە گەل بوو بەڵام ئەو ڕۆژە ئەو لەوێ نەبوو،من دەمناسی، هەروەها لە نێو کۆمەڵەکەدا کوردێکیتر هەبوو ئێمە ئەویشمان دەناسی،ئەو پارەی بە قاجاخچیەکان دابوو تاکو لە ڕێگەی ئەوانەوە دەربچێت، ئەو چاوێکی لێداگرتین مەبەستی ئەوە بوو واخۆمان نیشان نەدەین کە یەکتر دەناسین.گوتیان بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟ گوتمان هاتووین ئێرە ببینین ئەگەر بزانین بواری دەرچوون هەیە ئەوا پارەتان دەدەینێ دەرمان بکەن، بەڵام ئەوان گومانیان هەبوو،گوتیان ئەگەر پارە نەدەن ناهێڵین لێرەوە دەربچن.

گوتمان چەند پارەتان دەوێت؟گوتیان یەک نەفەر هەزار تا هەزارو پێنج سەد دۆلار."لە دڵی خۆمدا دەمگوت هەی لە ئەقڵتان"،گوتمان باشە بیرێکی لێدەکەینەوە ئەگەر ئەو پارەیەمان بۆ پەیدا بوو ئەوا دێینەوە بۆ لاتان، ئیتر ئەوێمان بە جێهێشت و چووین لە ناو پارکێکدا دانیشتین،دیارە لە نزیکی بەندەرەکە.

ئەو برادەرەی کە تەلەفۆنی بۆ کردین،بینیم لە گەڵ کوڕیکیتردایەو بەو ناوەدا دەسووڕێنەوە،ئەوان ئێمەیان نەبینیبوو بانگم لێکردن و هاتن بۆ لامان.ئەویتریان کوڕێکی عەرەب بوو،بتڵێک عەرەقی بە دەستەوە بوو بتڵێکیتریشی خستبووە نێو کیسەکەی دەستیەوە،بێحەوسەڵەو غەمگین دیار بوو..هەستم دەکرد دەردو کەسەرو ژەهرێکی ڕەشی لە دڵدایە..وەک مرۆڤێکی دەردزەدە دەینواند..شادیە گەورەکان و خەمە گەورەکان ناشاردرێنەوە.. لەویاندا قاقا دەتریقێتەوەو لەمیاندا نرکە نرکی ئازار.. لەویاندا گەش گەش دەچیتەوەو لەمیاندا ڕەش ڕەش...

تاکو سعات حەوتی ئێوارە لەوێدا دانیشتین و لە بارەی چۆنێتی دەرچوونەوە قسەمان دەکرد.سەرەتای مانگی نۆفەمبەر بوو،ئەو ئێوارەیە بایەکی توندی دەهات و کەفی بە دەریا دەچڕاند،گڤەگڤی باو شڵپەشڵپی شەپۆلەکان کە خۆیان بە کەنارا دەدا،لە گڕەگڕو هاواری کەمانێکی تووڕەو زامدار دەچوو خوێن لە گەرووی نۆتەکانیەوە دەرچێت..کەمانێک بە دەستی ئەو مرۆڤەوە لە دنیا بە ژان هاتبێت...

دوایی ئەو برادەرەی کە لە گەڵ قاچاخچیەکان بوو هات بۆ لامان،ئەوان باسی ئەوەشیان کرد کە قاجاخچیە ئەفغانیەکان لە گەڵ کۆمەڵێک خەڵی ئەلبانیدا شەڕیان کردووەو دوای سعات هەشتی ئێوارە ناتوانن بڕۆنە دەرەوە،ئەوەش شتێکی باش بوو بۆ ئێمەو کێشەی ئەوانمان لە کۆڵ دەبووەوە.بەو برادەرەمان گوت بچێت سەیری دەوروبەری بەندەرو کەشتیەکە بکات تاکو بزانین قاچاخچیەکان لەوێ ماون یان نا،بۆ ئەو ئاسایی بوو چوونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەردەچوو،وەکو دەڵێن"نەفەری خۆیان بوو"،ئەو ڕۆیشت و دوای ماوەیەک هاتەوەو گوتی کەسی لێنییە، ئێمەش یەکسەر خۆمان کۆکردەوەو بەرەو لای بەندەرو کەشتیەکە بە ڕێکەوتین،بەو برادەرەشمان گوت تۆش وەرە لە گەڵمان بەڵکو بە یەکەوە دەرچووین،بەڵام ئەو گوتی نایەم دەزانم ئێستا دەگەڕینەوە،ئیتر ماڵئاییمان لەو کردو ڕۆیشتین،ئێمە بووین بە چوار کەس.

سێ لای بەندەرەکە بە درێژایی دوو سەد مەترێک کەوتبووە نێو دەریاکەوە، ئەو لایەی کە دەبوا ئێمە پێیدا بچووینایە دیوارێکی پان و بەرزی سێ مەتری بوو،کە بۆ بەربەستی شەپۆلەکان دروست کرابوو،هەروەها بە پاڵ دیوارەکەداو لە ڕووی دەریاکەوە بەردی گەورە گەورە بە سەر یەکدا کەڵەک کرابوو،لە زۆر شوێندا دەگەیشتە ئاستی دیوارەکە،سەرتاسەری ڕووی دەریای دیوارەکە بەو بەردانە چنرابوو.برادەرە عەرەبەکە کەوتە پێشمان و ئێمەش بە دوایداو بە پاڵ دیوارو سەر

بەردەکاندا بە ڕێکەوتین.

ماوەیەک بە پاڵ دیوارەکەدا ڕۆیشتین،ئەو برادەرە کە لە پێشەوە دەڕۆیشت چووە سەر دیوارەکەو گوتی ئێوەش لێرەوە وەرن! من پێم سەیر بوو بەو جۆرەو بە ئاشکرا بە سەر دیوارەکەدا بڕۆین و بمانەوێت بچینە نێو کەشتیەکەوە،چوونکە دەبینراین و کەشتیوانەکان دەکەوتنە گومان و چاودێری کردنمان.کەشتیەکە کەمێک ئەملاتری ئەوسەری بەندەرەکە لەنگەری گرتبوو،کە گەیشتینە نزیکی کەشتیەکە یەکێک لە کەشتیوانەکان کە لە بەردەم دەرگای کەشتیەکەدا وەستابوو،بانگی لێکردین بگەڕێینەوە، ئێمە بە ئاماژە گوتمان بۆ لای ئێوە نایەین و گوایە بۆ ئەو سەری بەندەرەکە دەچین..دەچین پیاسە دەکەین،پیاسە بەو سەرماو ڕەشەبایە مرۆڤی بە ئاسماندا دەبرد! بەڵام ئەوان دەیانزانی هەر کەسێک بەو ناوەدا بێت مەبەستی چییە.

کەشتیەکان کاتێک لەنگەر دەگرن بە گوریسی ئەستوور دەبەسترێنە ئەو مێخانەوە کە بە کەناری بەندەرەکەوە بۆ ئەو مەبەستە داکوتراون، گوریسەکان لە نهۆمی سەرەوەی کەآتیەکەوە شۆڕ دەکرێنەوەو بەو مێخانەوە دەبەسترێن،گوریسەکان لە سەرەوە بپ خوارەوە سی مەترو هەندێجار زیاترو کەمتر دەبن.ئێمە دەمانویست بەو گوریسانەدا سەرکەوینە نێو کەشتیەکەوە.چوونکە کەشتیەکە باری بار کردبوو تەنها شوێنی چەند شاحینە مابوو،دەرگای کەشتیەکە هێشتا کراوە بوو ئێمە دەمانبینی،لە بەر ئەوە ئەگەری چوونە نێو شاحینەکان و پاشان لە شاحینەکانەوە بۆ نێو کەشتیەکە کەم بوو،بۆیە ئێمە بە نیاز بووین ڕاستەوخۆ بچینە نێو کەشتیەکەوە.

لایەکی کەشتیەکە نیوە تاریکی بوو،ئێمە دەمانویست لەو لایەوەو بە گوریسەکاندا سەربکەوین.لە بەر ئەوە بە ئاشکرا ڕۆیشتین کەشتیوانەکە هەر چاودێری دەکردین،ئێمە هەر یەکێکمان لە شوێنێکداو لە پاڵ دیوارەکەدا دانیشتبووین،ماوەیەک بوو کەشتیوانەکە نەهاتبووە دەرەوە،برادەرە عەرەبەکە گوتی من دەچم بەڵکو بە گوریسەکەدا سەرکەوم،ڕۆیست و بە گوریسەکەدا هەڵزناو بەرەو سەرەوە دەکشا،لەوانە بوو دە مەترێک بە گوریسەکەدا ڕۆیشتبێت،هێندەمان زانی بەربووەوەو کەوتە نێو ئاوەکەوە. ئێمە یەکسەر لە سەری کۆبووینەوە گوتمان نەوەک مەلەوانی نەزانێ و نخنکێت،باش بوو مەلەی دەزانی هاتە کەنار ئاوەکەو دەستمان گرت و هێنامانە دەرەوە.

شەوێکی سارد بوو..وەک شەوە ساردەکانی مرۆڤە بەدبەختەکان،ئەو لە سەرماندا هەڵدەلەرزی و چەقە جەقی دانەکانی دەهات،یەکێک لە کەشتیوانەکانیش هاتبووە دەرەوە سەیری دەکرد.

لە گەڕانەوەمان بە نێو بەندەرەکەدا هێشتا هەر لە نزیکی کەشتیەکەدا بووین،یەکێکیتر کە لەوە دەچوو کرێکاری نێو کەشتیەکە یان یەکێکیتر لە کەشتیوانەکان بێت،لەو کاتەدا بە سەیارەیەک بەرەو ئەوێ دەگەڕایەوە، کە ئێمەی بینی لە لامانا ڕاوەستا،سەیرێکی ئەو برادەرەی کرد هەموو گیانی تەڕبووەو لە سەرماندا هەڵدەلەرزێت،گوتی ها حەسەن..و چەند قسەی تری لە گەڵ حەسەن کرد.من پێم سەیر بوو ئەو حەسەن دەناسێت،دوایی بۆیان باس کردن کە حەسەن دوو جاریتر هەر بەو کەشتیە سەرکەوتووەو گیراوە،تەنانەت جارێک گەیشتبووە خاڵی پشکنینی ئیتالیاو لەوێ گیرابوو هەر بەو کەشتیە دیپۆرتی یۆنانیان کردبوۆوە.

حەسەن کە هەموو جلەکانی تەڕببوو لە سەرماندا هەڵدەلەرزی،لە سەیارەی کابراکە نزیک بووەوەو سەری بردبووە نێو سەیارەکەوەو تکای لە شۆفێرەکە دەکرد ڕێگەی بدەن بچێتە نێو کەشتیەکەوە!زۆر تکاو داوای کۆمەکی کرد..تەنانەت چەندجار دەم و چاوی شۆفێرەکەی ماچ کرد.. دەیویست بە قیمەتی ئەو پاڕانەوەیە لەو ترژیدیایە ڕزگاری بێت.من هەستم کرد شۆفێرەکە دڵی نەرم بووەو ئەو دۆخە دڵتەزێنەی حەسەن کاری تێکردبوو،ئەگەر ئەویش ترسی نەبوایە لە گەڵ خۆیدا دەیبردە نێو کەشتیەکەوە.لە گەڵ ئەوەشدا بێدەنگ مایەوەو لە سەرخۆ سەیارەکەی بەرەو نێو کەشتیەکە لێدەخوڕی،حەسەنیش دەستی بە سەیارەکەوە گرتبوو هاوشانی سەیارەکە خۆی چەماندبوەوەو بەرەو نێو کەشتیەکە دەڕۆیشت، بەڵام کەشتیوانەکەیتر بینی و نەیهێشت بچێتە ژوورەوە.حەسەنیش نائومێدو وەک پەیکەرێکی تەڕی ستەم لێچووی بەر باران..ڕاوەستابوو ئاو لە جەستەی ڕچیوی دەچۆڕا..پەیکەری جەستەیەک داوای کۆمەکی لە مرۆڤ دەکردو کۆمەک نەدەکراو بە تەنها دەمایەوە..پەیکەرێک هاواری دەکردو دەیگوت هێیی..دنیا..ئەمە چی مرۆڤایەتیەکە...!

من زۆر حەزم دەکرد حەسەنیان سەرخستایەو لەو دۆخە پڕژانە دەریانکردایە،ئێوارە هەندێک ژیانی خۆی بۆم گێڕایەوە بە

بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بمێنێ و زاڵبم بە سەر خۆمدا ،بۆی دەگریام و فرمێسک بە چاومدا دەهات.حەسەن تەمەنی سی و شەش سال بوو،دەیگوت دە ساڵە لە عێراق دەرچووم و ئێستاش ئەوە ژیانمە.هاوسەرو دوو منداڵی بە جێهێشتبوو، پێمگوت قسەیان لە گەڵ دەکەیت؟ئەو دەیگوت نامەوێت قسەیان لە گەڵ بکەم،دەیگوت چیان پێبڵێم و باسی چیان لابکەم! گوتی جارێک دوان قسەم لە گەڵ کردوون..بەڵام بێجگە گریان شتێکیترم نەبووە بۆیان...! هەموو ئەمانەی بە گریانەوە دەگوت و ئاگری لە دڵ بەردەداو بەردی بە زمان دەهێنا...! من نەدەویست ئەو هێندە باسی خۆیم بۆ بکات..بەڵام پێشم نەدەگوت بێدەنگ بێت..بە جۆرێک دەگریا هەستم دەکرد لە گەڵ خۆیدا دەمخنکێنێت..ئەویش برینێکی گەورە دیار بوو...ئێوارە ئەوەشی گوت ئەگەر لێرەش دەربچیت لە ئیتالیاوە پارەی نییە بۆ وڵاتێکیتر بچێت،من پێمگوت ئەگەر بە یەکەوە دەرچووین لە ئیتالیا سەد دۆلارت دەدەمێ..بەڵام قدەر جۆرێکیتر بوو...!

ئێوارە پێش ئەوەی بێینە نێو بەندەرەکەوە هەندێک جلو جانتامان پێبوو لە دەرەوەی بەندەرەکە شاردمانەوە،گەڕاینەوە بۆ ئەوێ و حەسەن جلە تەڕەکانی داکەندو جلی وشکی لە بەرکرد.پاشان هەندێک خواردنمان کڕی و خواردمان،من یەک دوو پارووم خوارد.بە نیازبووین جارێکیتر بگەڕێینەوەو هەوڵی سەرکەوتن بدەین.من پێمگوتن ئەمجارە نابێت وەکو جارەکەی پێشوو بە ئاشکراو بە سەر دیوارەکەدا بڕۆین،بەڵکو دەبێت بە دزی و بە سەر بەردو ڕووی دەرەوی دەریاکەدا بڕۆین تاکو دەگەینە بەرامبەر کەشتیەکە،ئەگەرچی ئەوە زۆر زەحمەت و نارەحەت بوو،بەڵام چارەسەریترنەبوو.ئەمجارە ئاوامانکرد،بە سەر بەردو دیوی دەرەوەی دەریاکەدا دەڕۆیشتین.ڕۆیشتن بەسەر بەردەکاندا ناخۆش بوو،بەردەکان لوس و خزو قەوزاوی بوون،تاریک بوو بە باشی بەر پێی خۆمان نەدەبینی،هەروەها بایەکی توندو تورەی دەهات و دەریای شێت کردبوو،هەندێجار شەپۆلەکان تا ئاستی دیوارەکە دەهات،سەرباری ئەوەی خۆمان لە شەپۆلەکان دەپاراست جلەکانمان نیوە تەڕ ببوون و لە سەرماندا لەرزمان لێهاتبوو.دەمگوت ئەم بایە بۆچی لەم شەوەدا هەڵی کردووەو ڕق و نەفرەتی دەریامان بە گژدا دەکات..!

درێژایی دیوارەکە دوو سەد مەترێک دەبوو،تاکو گەیشتینە بەرامبەر کەشتیەکە نزیکەی سعاتێکی خایان،چوونکە جیا لەوەی بە شوێنێکی دژواردا دەڕۆیشتین،زۆر بە وریایی و وردبینیەوە دەڕۆیشتین و نەماندەهێشت کەس بمانبینێت،لە دیوارەکەوە سەیری نێو بەندەرەکەمان دەکرد،ئەگەر کەسێک لەوە نزیکانە بوایە دەوەستاین تاکو دەڕۆیشت،ئیتر بەو جۆرە گەیشتینە بەرامبەر کەشتیەکەو کەس نەمانیبینی،چل مەترێک لە کەشتیەکەوە دوور بووین.ئەو کرێکارو کەشتیوانەی لە نێو کەشتیەکەدا بوون،جار جار دەهاتنە دەرەوەو سەیری دەوروبەری کەشتیەکەیان دەکرد. ئێمە نیازمان وایە جارێکیتر بە گوریسەکەدا سەرکەوین و بچینە نێو کەشتیەکەوە،دەبێت هەرجارە یەکێکمان سەرکەوێت و ئەوانیتر چاوەڕێبن.

حەسەن دیسان گوتی من لە پێشدا دەڕۆم ئەگەر سەرکەوتم ئێوەش یەک یەک وەرن.حەسەن ڕۆیشت و بە گوریسەکەدا هەڵزنا،ئێمە لە پشتی دیوارەکەو لە کەلێنی بەردەکانەوە سەیر دەکەین..لەوێدا دوو گوریس جووت کرابوون و بە مێخەکەوە بەسترابوون،من هەمیشە یەک گوریسم بینیبوو،ئەو جووتە گوریسە بە یەکەوە باشتر بوو لە یەک گوریس، چوونکە ڕاحەتتر دەتوانرا بە سەریدا ڕاکشێیت و بەرەو سەرەوە بخشێیت.

حەسەن خۆی بە سەر گوریسەکانا تەخت کردبوو وەکو ماری سڕ بەرەو سەرەوە دەخشا،ئێمە چاوێکمان لە حەسەنەو چاوێکمان لە دەرگای کەشتیەکەیە،نازانم چەند کاتی برد حەسەن سەرکەوتە نێو کەشتیەکەوە. هەمووومان خۆرمان پێخۆشبوو،لەوانەیە من لە هەموویان زیاتر.

بەو برادەرانەم گوت من بڕۆم یان یەکێک لە ئێوە؟ ئەو برادەرەی کە لەوێ لە گەڵ حەسەندا بوو گوتی من دەڕۆم.ئەویش ڕۆیشت و بە گوریسەکەدا هەڵزنا،گەیشتبووە نیوەی گوریسەکە یەکێک لە کاشتیەکە هاتە دەرەوە، سەیرێکی نێو بەندەرەکەی کردو پاشان بە لۆژە لۆژ بەرەو ئەو لایەی کەشتیەکە چوو کە ئەو برادەرەی لێبوو،سەیری هەموو شوێنی کەشتیەکەی کردو دوایی سەری بەرز کردەوەو ئەو برادەرەی بە گوریسەکەوە بینی، وەکو گا بۆڕاندی و چوو لای مێخەکەوە ڕاوەستاو بانگی لێدەکرد بێتە خوارەوە،ئیتر ئەو برادەرە ناچاربوو بەرەو خوار بێتەوە.

ئەو شوێنەی کە مێخەکەی لێبوو گوریسەکەی پێوە بەسترابوو،بە هۆی پێچێکی دیوارەکەوە لە ئێمەوە دیار نەبوو،لەو کاتەدا کەشتیوانەکە سەرقاڵی ئەو برادەرە بوو،من هەستم کرد هەلێکی باشتر بۆ ئێمە ڕەخساوە بەوەی کە کەشتیوانەکە

سەرقاڵی ئەو برادەرەیەو پێشم وابوو لەو کاتەدا بێجگە لەو کەشتیوانە کەسیتری لێنەبێت،بەڵام من ئەوەم نەدەزانی کە بۆچی تاکو ئەو کاتە کەشتیەکە دەرنەچووبوو،چوونکە دیار بوو باری خۆی بار کردبوو،لە بەر ئەوەش بوو هەم نێو کەشتیەکەو هەم نێو بەندەرەکە خەڵکی کەم لێبوو،ئەو دوو کەسەش کە لەوێ بوون لەوانەبوو هەر کرێکاری نێو کەشتیەکە بووبێتن،هەروەها لەوەش دەچوو ئەویتریان لەوێ نەمابێت یاخود خەوتبێت.

من پێم وابوو ئەگەر ئێمە ڕاستەوخۆ بۆ نێو کەشتیەکە بچین،تاکو بەردەم دەرگای کەشتیەکە لەوانەوە دیار نابین،گوتم لەوانەیە دەرگاکە هەر لەوانەوە دیار نەبێت،یان ئەگەر دیاریش بێت لەوانەیە کابرا لەو کاتەدا ڕووی بە لایەکیترەوە بێت و ئێمە نەبینێت،یان ئەگەر بینیشمانی ئەوا ئێمە هەر خۆمان بە نێو کەشتیەکەدا دەکەین و خۆمانی تێدا دەشارینەوە، دەکرێت دوایی بۆمان بگەڕێ و بماندۆزێتەوە..یاخود لەوانەیە هەر نەماندۆزێتەوە...و لەم ئەگەرانە زیاتر هیچیتر نەبوو،دیوێکیان ئیجابی و ئەویتریان سلبی.

هەڵبەتە بە کورتی و بە پەلە ئەمانەم بۆ هاڕێکەم دەگوت،من هاتبوومە سەر دیوارەکەو بە هاوڕیکەم دەگوت وەرە با بڕۆین،بەڵام ئەو دەترساو نەدەهات،دەیگوت تۆ بڕۆ من نایەم..یان دەیگوت دوایی دێم،بەڵام من وازم لێنەدەهێناو دەمگوت وەرە،کاتیشمان کەم بوو وەختی دیالۆگ و حیکایەتی درێژ نەبوو،لەوانە بوو چەند دەقەیتر کابرا بگەڕایەتەوەو هەلەکەمان لە کیس چووبایە.بەڵام ئەو هەر جورئەتی نەدەکرد..! منیش لەوە بە باشترم نەزانی..دەستیم گرت و خۆم لە دیوارەکە کردە خوارەوەو ئەویشم لە گەڵ خۆما ڕاکێشایە خوارەوەو گوتم ڕاکە...! ئیتر هیچ چارێکی نەما،من ڕامکردو ئەویش بە دوامدا..چوار هەنگاومان مابوو خۆمان بە دەرگای کەشتیەکەدا بکەین،کابرا بینیمانی و هاواری لێهەستاو بە ڕاکردن بە دواماندا هات،ئێمە نەوەستاین و بە ڕاکردن خۆمان بە نێو کەشتیەکەدا کرد...